# گلەیی و سەرکۆنەی پیاوان، ئەی ژنان چی؟

هەژێن

١٧ی ئازاری ٢٠١٥

ئەوەی کە پیاو شایستەی زۆر رەخنە و سەرکۆنەیە ، هیچ گومان و نکۆڵی هەڵناگرێت ، بەڵام ئایا ئەو پیاوانە لەتەك لەدایکبووندا بەو جۆرەن و دارای ئەو کەسایەتییەن و بەشێکە لە سروشتییان و سروشتیان لە سروستی دایکیان جیاوازە؟

ئەی ئەوە چییە کە ساوایەکی نێرینەی فریشتە دەکات بە منداڵێکی توندوتیژ و پیاوێکی نێوگەڵبرسی و چەپاوڵگەر و پاوانگەر و خۆسەپێن و سەرکەوتگەر و ژنکوژ ؟ ئایا هۆرمونەکانی ژاراویدەبن یا گۆڕانێکی فیزیکی و ئۆرگانیك لە جەستە و مێشکیدا ڕوودەدات ؟

ئەگەر کەمێك سەرنجی پیاوان بدەین ، ئەوا دەبینین کە لە ڕووی کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەوە دەبن بە دوو دەستەوە ؛ کەمینەیەکی زۆر کەم، کە بیردەکەنەوە و خەریکی کایەی هۆشین و سێکس بۆ ئەوان وەك هەر پێداویستییەکی دیکەی جەستە و دەروون ئاسایی کات و وزەیان داگیردەکات ، لە بەرانبەردا زۆرینەیەکی زۆر، کە سێکس و خواردن و دەسەڵات هەموو ژیانی داگیرکردوون و بێجگە یەکێك لەوانە یا ئەوانە، هیچی دیکە لە ژیانیاندا بوونی نییە. بەڵام بەو جۆرەی لە سەرەتادا پرسیم ؛ ئایا ئەو کەمینە هۆشمەند و زۆرینە ئاڵۆشاوییە هەر لە لەدایکبوونەوە ئاواهین و ئاوابوون؟

## ئەی دابەشبوونی ژنان لە هەمان کۆمەڵدا چۆنە؟

ئایا بەپێچەوانەی پیاوانەوە هەموو ژنان خەریکی کایەی هۆشیین و گیرۆدەی چڵێسی سێک س و خواردن و دەسەڵات نەبوون ؟ ئایا ئەوان لە کایەی ئاڵۆشبازیدا هیچ رۆڵیان نییە ؟ ئایا ئەوان دەوڵەمەندیی و چەپاوڵ و پاوانگەریی لە کرۆکە مرۆییەکەیان کەوڵینەکردوون؟

ئایا دایکان وەك باوکان کوتەککاریی منداڵانیان ناکەن ، ئایا خوشکان وەك برایان کوتەککاریی خوشك و برا گچکەکانیان ناکەن؟ ئایا ژنانی ئیسلامی وەك پیاوانی ئیسلامی منداڵان بە دۆزەخ ناترسێنن و هەموو پرسیار و سەرنجێکیان تێدا ناکوژن؟ ئایا فێرکارانی ژن وەك فێرکارانی پیاو فێریارەکانیان کوتەککاریی جەستەیی و دەروونی ناکەن؟ هەروەك ئەوان بە دەمارگیریی ئایینی و ناسیونالیستی و شۆڤێنیزم و فاشیزم گۆشیاناناکەن؟ هەروەك ئەوان یەزدان و دەوڵەت و باوك پیرۆزناکەن؟ ئایا ژنانی ڕامیار و پارتییچی وەك پیاوانی ڕامیار و پارتییچی ژێردەستان بۆ خۆشباوەڕبوون ڕاناکێشن و نایانکەنە کۆیلەی پارتایەتی ، منداڵان ناچەپێنن؟ ئایا ژنانی دەسەڵاتدار وەك پیاوانی دەسەڵاتدار فەرمانی سەرکوتی خەڵك نادەن؟ ئایا ژنانی سەرمایەدار وەك پیاوانی سەرمایەدار کرێکار و جوتیار و فەرمانبەر و کرێچی و ..تد ناچەوسێننەوە؟ ئایا ژنانی پۆلیس و ئەمن وەك پیاوانی پۆلیس و ئەمن خۆنیشاندەران سەرکوتناکەن؟ ئایا ژنانی نێو دەزگە سیخوڕییەکان وەك پیاوان سیخوڕیی ناکەن؟ ئایا ژنانی دەڵاڵی بازار و دەسەڵات و پارتایەتی وەك پیاوانی دەڵاڵ تاکە ناچارەکان بۆ سەروەران و سەرمایەداران دەستەمۆناکەن؟

لێرەدا پێش ئەوەی خوێنەری پاساودەر بیەوێت بابەتەکە بەرەو لایەکی دیکە بەرێت یا تۆمەتبەخشیی بکات ، پێویستە ئەوەش بۆ بابەتەکە زیادبکەم ، کە
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی کوشتن بێت ، تەنانەت کوشتنی دڕندەترین ئاژەڵێش!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی جەنگ و سەرکوت و لەسێدارەدان و زیندانیکردن بێت!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی پلە-چەندیی و سەرکوتکردن و کوشتنی ژنان!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی چەندژنە و یاسای کێرسالانەی پارلەمانی هەرێمی کوردستان بێت!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی زاڵیی و سەروەریی پیاوان بێت!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی توندوتیژی بێت!
- هیچ شتێك ناتوانێت پاساوی سەروەریی هیچ چین و توێژ و دەستە و خێزان و کەسێك!

ڕاستییەکەی ئامانجی من لێرەدا لە بەراوردکردن و ڕیزکردنی ئەو پرسیارانەدا پشتیوانی هیچ پیاوێك نییە ، بەڵکو ئامانجم هاندانی پیاوان و ژنانی رەگەزپەرستە [سێکسیستە] بۆ بیرکردنەوە و دەربازبوون لە دەمارگیریی خودنێوەندبوون، کە ئەوە بنەما کولتووریی و ئابووریی و ڕامیاریی و ئایینییەکانن مرۆڤ ئاوا دەبەنگ و ئاراستەدەکەن ، تا سووکایەتی بە کەسێك بکات و بە نیوە و لاواز و کەمهوشی بزانێت ، کە خۆی لە ئەو بووە و بۆجارێکیش لەخۆی ناپرسێت ؛ چۆن دەکرێت منی هۆشمەند لە دایکێکی کەمهۆش دروستببم؟ هەروەها ئەوانەی پیاو بە سروشت تاوانبار دەزانن ، ناپرسن چۆن دەکرێ پیاو لە ژن بێت و سروستی لە ژن جیاوازبێت؟

ئایا وەها کەچییەك لە بیرکردنەوەدا بۆ ئەو بۆچوونە نادروستە ناگەڕێتەوە، کە پێیوابوو منداڵ لە پشتی پیاوەوە دروستدەبێت و ڕۆڵی ژن تەنیا هەڵگرتنی کۆرپەکەیە بۆ ماوەی نۆمانگ و دەبەنگی ئایینی بواری دیتنی هێلکەی ژنی وەك بەشی سەرەکی و یەکەمی کۆرپەلە نەدابوو؟

بەبۆچوونی من بۆ خۆرزگارکردن لە جاڵجاڵۆکە و تەلیسمی خۆشباوەڕییەکان ، پێویستە وەڵام بەم پرسیارە بدەینەوە: ئەی ڕۆڵ و هەوڵدانی ڕامیاران بۆ دەبەنگهێشتنەوەی تاك و توێژ و چینی ژێردەست [پرۆلیتێرەکان] و خەریککردنیان بە خێڵگەریی و ناوچەگەریی و شارچیەتی و نەتەوەچییەتی و ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی و شۆڤێنیزم و فاشیزم و خۆشباوەرهێشتنەوەیان بە پێداویستبوونی مانەوەی سەروەریی و سیستەم و بەڕێوەبەرایەتی چینایەتی [دەوڵەت] ، لەم بارەوە چی بووە و چییە؟

***************************hejen@journalist.com***************************www.hejeen.wordpress.com***************************